حەوت فڕۆکەی کۆتی بەخەرای لەناکاو لە فڕۆکەخانەی بەسرە نیشتنەوە

ئەمە پێنجشەممە، وەزارەتی گواستنەوە ڕایگەیاند، حەوت فڕۆکەی کۆتیان لەناکاو کە بەپێلە لە فڕۆکەخانەی بەسرە نیشتنەوە.

لەبەیاننامەیەکدا کە بەدەست موتەبع گەیشتووە و وەزارەتەکە ڕایگەیاندووە : ئەمە فڕۆکەخانەی نەودەوەتی بەسرە حەوت فڕۆکەی کۆتیان پێگەیشتووە کە بەپێلەیان نیشتوە بەهۆی سەختی بارودۆخی کەشوهەوای کوت، ئەمەش بەهۆی تەمەکی چڕەوە دروستبووە کە توانای بینینی ئاسێیی کەمکردوە و ڕێگری لە نیشتنەوەی فڕۆکەکان لێوە کرد.

لە بەیاننامەیەکدا ڕوونیکردووەتەوە : نیشتنەوەی فڕۆکەکان بەگوێرەی دووەمین ئازادی مافی فڕۆکەوانی مەدەنی (وەستانی تەکنیکی) ئەنجامدراوە، هێروەها بەشێوەیەکی ئاسان و هاوکات لەگەڵ گەشتە بەرنامە بە داڕێژراوەکان پێشوازی لە گەشتە ئاسمانییەکان و سەرنشینەکان کراوە، ئەمەش بەهۆی هەماهەنگی و هەوڵی هاوبەشی نێوان ئەو بەشە جیاوازانەی لە فڕۆکەخانە کاردەکەن.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە : فڕۆکەخانەی نەودەوەتی بەسرە بە کارایی بەرز بەردەوام لە کارکردن و ئامادەکاری تەواو دەکات بە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر حاڵەتێکی لەناکاو، دەنیابوون لە سەلامەتی سەرنشینەکان و بەردەوامبوونی بە پچڕانی هاتوچۆی ئاسمانی.

دەستەی فەرکەخانەکانی عێراق ڕایگەیاند: فەرکەخانەکانی وەاتەکە ئامادەن بە وەرگرتنی گەشتە بەرنامە بە داڕێژراوەکان و ئەوانەی کە نیشتنەوەی بەپێلە دەکەن، ئاماژەی بەوەشکردووە، کارمەندانی فەرکەخانەکانی عێراق ئامادەن بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە بارودۆخانە و فەرکەخانەکان خاوەنی کەرەستەی گەشتیاریی ئاست بەرزی جیهانین.

شایانی باسە فەرکەخانەی بەسرە چەند ڕێژەك لەمەوبەر بەهەمان هەکار 9 فەرکەی کوەتی وەرگرتووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاستی بەرزی ئامادەکارییە بە ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخی نائاسایی جەراوجە.